


وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا


بابەت: بنەماکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان

ماموٚستای بابەت : کامران ولی محمود

# داتاکانی (سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان) - بەشی سێیەم


# بيانات نظم المعلومات الجغرافية - القسم الثالث

# GIS Data – part 3




## تەوەرەکانی بابەت : -

- جیاوازی نێوان داتای ڤێکتەر و داتای راستەر
- داتای وەسفی ( ناشوێنیی )




# جیاوازی نێوان داتای ڤێکتەر و داتای راستەر

یەکەم : داتای ڤێکتەر لە خاڵ و هێڵ و چەماوەی داخراو پێکدێ ، کەچی داتای راستەر لە پیکسڵ پێکدێ.

دووەم : داتای ڤێکتەر قەبارەیەکی کەمی دەوێ بۆ سەیڤکردن (خەزنکردن) (بە کیلۆبایتە)، کەچی داتای راستەر قەبارەیەکی زیاتری دەوێ بە بەراورد بە داتای ڤیکتەر، (لە مێگابایتێک تا دەیان مێگابایت بگرە زیاتر لە گێگابایت).




# جیاوازی نێوان داتای ڤێکتەر و داتای راستەر

سێیەم : پێکهاتەی داتای ڤێکتەر ئاڵۆزە ، بەڵام پێکهاتەی داتای راستەر سادەترە.

چوارەم : ئاستی ووردی (resolution) داتای ڤێکتەر ئێجگار زۆرە ، بەڵام ئاستی ووردی داتای راستەر کەمترە بەراورد بە داتای ڤیکتەرو پشت بە دیژی لایەکانی پیکسلەکانی دەبەستێ .

پێنجەم : داتای ڤیکتەر توانای شیکردنەوەی شوێنیی زۆرترە بەراورد بە داتای راستەر.


# جیاوازی نێوان داتای ڤێکتەر و داتای راستەر




شەشەم : بەدەستخستن و دروستکردنی داتای ڤێکتەر پێویستی بە ماندووبوون و کاتی زۆرتر هەیە لە داتای راستەر.


حەوتەم : بەرنامە سۆفتوێریەکانی تایبەت بە داتای ڤێکتەر لە رووی نرخەوە گرانترن بەراورد بەوانەی تایبەتن بە داتای راستەر.

# داتای وەسفی ( ناشوێنیی )




داتای وەسفی (Attribute data) گوزارشت لە خەسڵەت و راستیەکانی پەیوەست بە داتا شوێنیەکان دەکا ، هەروەها بریتیە لە داتای (ژمارەو تێکست) کە گرنگی بە وەسفکردنی تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی دیاردەکان لەسەر نەخشە دەدا ، وەک : ناوی شوێنەکە ، ناوی خاوەنی شوێنەکە ، جۆری موڵک ، ژمارەی کەسەکانی شوێنەکە ، رێژەی شێ ، جۆری خاک، ناوی شەقام. ئەو خشتەو نەخشەیە نموونەی داتای وەسفیە کە چەندین داتای شوێنی و ناشوێنی تێدایە.


# داتای وەسفی ( ناشوێنیی )




Table

Erb_Dist_centers

| OBJECTID * | Shape * | longitude | latitude | ناوي_كارطێري | تێبيني | district | sub_district |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Point | 44.1225 | 36.1562 | Bnaslawa | ناوةندى قةزاى دةشتى هةولێر | دةشتى هةولێر | ناوةندى دةشتى هةولێر |
| 2 | Point | 44.5219 | 36.6081 | Rwandz | ناوةندى ناحيةى رةواندوز | سۆران | رةواندوز |
| 3 | Point | 44.5332 | 36.6518 | Soran | ناوةندي قةزاي سۆران | سۆران | ناوةندى سوران |
| 4 | Point | 44.3366 | 36.3972 | Shaqlawa | ناوةندي قةزاي شةقلاوة | شةقلاوة | ناوةندى شةقلاوة |
| 5 | Point | 44.8901 | 36.6369 | Choman | ناوةندى قةزاىضؤمان | ضومان | ناوةندى ضومان |
| 6 | Point | 44.6278 | 36.0831 | Koysanjaq | ناوةندي قةزاي كۆيسنجق | كۆيسنجق | كۆيسنجق |
| 7 | Point | 43.5796 | 35.7755 | Makhmur | ناوةندي قةزاي مةخمور | مةخمور | ناوةندى مةخمور |
| 8 | Point | 44.2994 | 36.8404 | Mergasur | ناوةندى قةزاى مێرطةسور | مێرطةسور | ناوةندى مێرطةسور |
| 9 | Point | 43.6692 | 36.2697 | Khabat | ناوةندي ناحيةي خةبات | هةولێر | خةبات |
| 10 | Point | 44.0072 | 36.1906 | Erbil | سةنتةري ئارێزطاى هةولێر | هةولێر | ناوةندى هةولێر |




# داتای وەسفی ( ناشوێنیی )

ئەوەی گرنگە لە داتای وەسفیدا ئەوەیە کە دەبێ ببەسترێتەوە بە داتا شوێنیەکانی پەیوەست بەو داتایانە، چونکە ئەو کارە بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان دادەنرێ.

ئینجا GIS توانای ڕێکخستن و ئیدارەدان و شیکردنەوەو سەرجەم ئەو کارانەی هەیە کە لەگەڵ داتاکاندا دەکرێ، کە پێشتر ئاماژەمان پێ داوە، لە ڕێگەی بنەکەی زانیاریەکان – Database کە لەلایەن بەکارهێنەرەکانەوە دروست دەکرێ و لەڕێگەیەوە توانای شیکردنەوەو بەستنەوەی داتاکان زۆر ئاسان و بەتوانا دەکا، ئەویش بە دانانی ژمارەی پێناسەیی بۆ هەر دیاردەیەک (ID)و ناسینەوەی لە نێو سەدان و هەزاران و ملیۆنان داتا. وەک ئەو نەخشەیە کە بە شێوەی داتابەیس دروست کراوە:

# داتای وەسفی ( ناشوێنیی )





جدول الأراضي

| رمز القطعة | عدد الأضلاع | المساحة | اسم المنطقة | رقم المخطط |
|---|---|---|---|---|
| 1001 | 4 | 900 | حي الوادي | 2507 |
| 1002 | 4 | 750 | الفل | 3254 |
| 1003 | 4 | 900 | حي الوادي | 2507 |
| 1004 | 4 | 750 | الفل | 3254 |
| 1005 | 4 | 900 | حي الوادي | 2507 |
| 1006 | 4 | 750 | الفل | 3254 |
| 1007 | 4 | 900 | حي الوادي | 2507 |
| 1008 | 4 | 750 | الفل | 3254 |
| 1009 | 4 | 900 | حي الوادي | 2507 |
| 1010 | 4 | 750 | الفل | 3254 |

جدول المعلومات الوصفية للأراضي

| رمز القطعة | عدد الأدوار | الاستخدامات | تشطيبات الواجهة |
|---|---|---|---|
| 1001 | 4 | تجاري/سكني | حجر |
| 1002 | 2 | تجاري/سكني | عادي |
| 1003 | 4 | تجاري/سكني | حجر |
| 1004 | 2 | تجاري/سكني | عادي |
| 1005 | 4 | تجاري/سكني | حجر |
| 1006 | 2 | تجاري/سكني | عادي |
| 1007 | 4 | تجاري/سكني | حجر |
| 1008 | 2 | تجاري/سكني | عادي |
| 1009 | 4 | تجاري/سكني | حجر |
| 1010 | 2 | تجاري/سكني | عادي |


customers
streets
parcels
elevation
land usage
real world

# Thank you